# History of the Kurdish people's liberation movement in the Birayati magazine 1970-1971

Farhang Noori Mahmood
Soran University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2583.16*

*Published:1/12/2025*

## *Abstract*

*Biryati was the Kurdistan Democratic Party's (KDP) second open political magazine, publishing 14 issues between 1970 and 1971. The articles published in the magazine's two issues, especially those related to the Kurdish liberation movement, deserve to be presented within the framework of a scientific research. The magazine was released nine years after the ups and downs of the Kurdish revolution and the subsequent agreement between the leadership of the September Revolution and the Iraqi government, which was reflected in the March 11, 1970 declaration. This agreement provided a favorable opportunity for writers and researchers in the historical field to write freely in this magazine. When looking at the magazine's pages, we notice a number of subjects that have been dealing with the history of the Kurdish liberation movement during the 19th and 20th centuries. Given the importance and value of these historical texts, it is regraded necessary to address them within the framework of a scientific research to highlight that important stage. This study consists of two chapters and the portal, the portal focuses on the situation in "southern Kurdistan and the publication of the magazine Biryati 1961-1970" the first topic of the study is entitled "Reflections on the history of the Kurdish political and armed struggle in the nineteenth and twentieth centuries", in addition to the second chapter "Reflections on the Kurdish intellectual and organizational struggle in the magazine Biryati" the researcher finally reached the research conclusions.*

***Keyword**: Biryati, Kurdish liberation movement, armed struggle, organizational, education.*

# مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە گۆڤاری برایەتی ١٩٧٠ – ١٩٧١

تویژەر: فەرهنگ نوری مەحمود

بەش: مێژوو- فاکەڵتی: ئاداب- زانکۆ: سۆران

Gmail: farhang.mahmood@soran.edu.iq

**پوختە:**

گۆڤاری برایەتی وەک دووەمین گۆڤاری سیاسیی ئاشکرای پارتی دیموکراتی کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ - ١٩٧١، (١٤) ژمارەی لێ دەرچووە. ئەو بابەتانەی لە دووتوێی گۆڤارەکەدا بڵاوکراونەتەوە، شایەنی ئەوەن لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستی بخرێنەڕوو. بە تایبەت گۆڤارەکە لە هەلومەرجێکدا دەرچووە، کە دوای نزیکەی نۆ ساڵ لە هەڵبەز و دابەزی شۆڕشی کورد و دواتر ڕێککەوتنی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ حکومەتی عێراق، کە خۆی لە بەیاننامەی ١١ی ئاداری١٩٧٠ دەبینێتەوە. دەرفەتێکی لەبار هاتۆتەپێش نووسەران و تویژەرانی بواری مێژوو، بۆئەوەی نووسینەکانیان بە ئازادی لەم گۆڤارەدا بخەنەڕوو. بە سەرنجدان لە لاپەڕەکانی، تێبینی کۆمەڵێک بابەت دەکەین لەبارەی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردی لە هەردوو سەدەی نۆزدە و بیستدا، لەبەر بایەخی مێژوویی نووسینەکان، شەنوکەوکردنی بابەتەکان لە چوارچێوەی توێژینەوەیەک بە پێویست زانراوە. ئەم توێژینەوە پێکهاتووە لە دەروازەیەک و دوو تەوەر. لە دەروازەدا تیشک خراوەتەسەر (بارودۆخی باشوری کوردستان و دەرچوونی گۆڤاری برایەتی ١٩٦١-١٩٧٠)، تەوەری یەکەمی توێژینەوەکە بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی مێژووی خەباتی سیاسی و چەکداریی کورد لە گۆڤاری برایەتی لە سەدەی نۆزدە و بیست)ە، هەرچی تەوەری دووەمە، تایبەتە بە (ڕەنگدانەوەی خەباتی ڕۆشنبیری و ڕێکخراوەیی کورد لە گۆڤاری برایەتی). لە کۆتاییدا، تویژەر چەند ئەنجامێکی خستۆتەڕوو.

**وشە کلیلییەکان**: برایەتی، بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد، خەباتی چەکداری، ڕێکخراوەیی، ڕۆشنبیری.

**پێشەکی:**

بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، هەلومەرجێکی تازەی لە بەردەم کاری رۆژنامەگەری و چاپەمەنی هێنایە ئاراوە. لەم سۆنگەیەوە پارتی دیموکراتی کوردستان لە پاڵ خەباتی چەکداری و شۆڕشگێڕی، گرنگی بە خەباتی رۆشنبیری و رۆژنامەوانی داوە، بە ئامانجی لاکردنەوە لە شۆڕش و راپەڕینە چەکداریەکان و گەیاندنی پەیام و ئامانجەکانی شۆڕش.

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە ناوەرۆکی بابەتەکانی گۆڤاری برایەتی، بە تایبەت ئەوانەی لە سەر خەباتی سیاسی، چەکداری، رۆشنبیری و رێکخراوەیی کورد نووسراون، بەشێکیان رەنگدانەوەی بارودۆخی ئەو سەردەمی کوردستانن و بابەتی گرنگ و پڕبایەخن، لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستا ناوەرۆکی بابەتە مێژووییەکانی گۆڤارەکە لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستیی سەربەخۆ نەخراوەتەڕوو، بۆیە بە پێویست زانراوە، ئەم توێژینەوەیە ئەنجامبدرێت، سەربەخۆ و بێلایەنانە شەنوکەوی بابەتەکانی پەیوەست بە بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی کورد بکرێت. لە ئەنجامی خوێندنەوەی قوڵ و وردی گۆڤارەکە هەوڵدراوە وەلامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە، کە ئایا گۆڤاری برایەتی تا چەند گرنگی بە مێژووی خەباتی سیاسی و چەکداریی کورد داوە لە هەر دوو سەدەی نۆزدە و بیستەم؟ نووسەرانی گۆڤارەکە هەوڵیانداوە راستی رووداوە مێژووییەکان بخەنەڕوو و بێلایەنانە شەنوکەوی رووداوەکان بکەن یان بەشێکیان لە ژێر هەژمونی ئایدۆلۆژیاکانیان بوون؟ نووسەری وتارە مێژووییەکان کەسانی ئەکادیمی بوون و بە پشتبەستن بە سەرچاوە وتار و زانیارییەکانیان خستۆتەڕوو؟ ئایا گۆڤارەکە گرنگی بە خەباتی سیاسی و چەکداریی کورد داوە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان یان تەنیا پڕژاونەتەسەر خەباتی کورد لە باشوری کوردستان؟ توێژەر هەوڵیداوە پشت بە رێبازی گواستنەوە و خستنەڕووی زانیارییەکان ببەستێت و شرۆڤە و لێکدانەوە بۆ بابەتەکان بکات. ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەک و دووبەش پێکهاتووە. دەروازەکە بە ناونیشانی (بارودۆخی باشوری کوردستان و هەلومەرجی دەرچوونی گۆڤاری برایەتی ١٩٦١-١٩٧٠)یە، هەوڵدراوە، سەرنج بخرێتەسەر رەوشی سیاسیی کوردستان و هەلومەرجی دەرچوونی گۆڤاری برایەتی. هەرچی تەوەری یەکەم، کە بە ناونیشانی (رەنگدانەوەی مێژووی خەباتی سیاسی و چەکداریی کورد لە گۆڤاری برایەتی لە سەدەی نۆزدە و بیست)ـە، تیشک خراوەتەسەر بایەخدانی گۆڤارەکە بە خەباتی چەکداری و سیاسیی گەلی کورد، چونکە تێبینی ئەوە کراوە، زۆرینەی وتارە مێژووییەکانی ناو گۆڤارەکە لە سەر خەباتی سیاسی و چەکداری کورد لە هەر دوو سەدەی نۆزدە و بیست بووە. بۆیەش توێژەر بە پێویستی زانیوە تیشک بخاتەسەر ئەو دوو سەدەیە. هەرچی تایبەتە بە تەوەری دووەم (رەنگدانەوەی خەباتی رۆشنبیری و رێکخراوەیی کورد لە گۆڤاری برایەتی)، دیدی گۆڤارەکە بۆ خەباتی رێکخراوەیی و رۆشنبیریی کوردی خراوەتەڕوو، سەرچاوەی سەرەکی و بنچینەیی ئەم توێژینەوەیە لە ژمارەکانی گۆڤاری برایەتی پێکدێت، کە

خۆی لە چواردە ژمارە دەبینێتەوە، لە ساڵی ٢٠٢٠ سەرجەم ژمارەکانی لە دووتوێی کتێبێکی سەربەخۆدا بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ ژمارەیەک سەرچاوەی دیکە، کە بە پێی پێویستی توێژینەوەکە بەکارهاتوون و لە لیستی سەرچاوەکان ئاماژەیانپێکراوە.

## دەروازە:بارودۆخی باشوری کوردستان و دەرچوونی گۆڤاری برایەتی ١٩٥٨ – ١٩٧٠

### ١- بارودۆخی باشوری کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ – ١٩٧٠

هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، هەلومەرجێکی نوێی لە بەردەم سەرکردایەتیی سیاسیی کورد ڕەخساند، کە خۆی لە پارتی دیموکراتی کوردستان بەرجەستە کردبوو، لە بروسکەیەکیدا پشتگیریی پارتەکە بۆ ڕژێمی نوێ دووپاتکرابۆوە (قفطان،٢٠٠٤: ٧٧). بەڵام لە ئەنجامی سیاسەتی تاکڕەوی و ناهاوسەنگانەی عەبدولکەریم قاسم (١٩٥٨ – ١٩٦٣) لە هەمبەر هێز و لایەنە سیاسییەکان، زۆری نەبرد پرۆسەی سیاسی کۆسپی گەورەی هاتە پێش (بادی، ٢٠٠٨: ١٦٨). هەروەها پابەندنەبوونی قاسم بەرانبەر بەو بەڵێنانەی لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆیدا بە کوردی دابوون، هۆکارێک بوو بۆ بەرپابوونی شۆڕشی کوردی لە ١١ی ئەیلول ١٩٦١ (البلداوی،٢٠٢١: ٤٧–٤٨)، لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦٢، سەرەتای لاوازی و بێهێزیی دەسەڵاتی قاسم بە دیارکەوت (ئەلعامری،٢٠٢١: ١٧٢). ئەوە بوو، پارتی بەعس و هێزە نەتەوەییەکان، ئەم هەلەیان قۆستەوە و لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣، لە ئەنجامی کودەتایەکی سەربازی سەرکەوتووبوون لە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی قاسم. حکومەتی نوێ لە ١٦ی شوبات ڕایگەیاند، ئامادەیە لە ڕێگەی گفتوگۆوە چارەسەرێکی ئاشتییانەی مەسەلەی کورد لەگەڵ دەسەڵاتی کوردی بکات. دوو ڕۆژ دواتر، شاندێکی کوردی بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی (١٩٣٣ – ٢٠١٧) دەستیان بە گفتوگۆ کردووە، بەڵام حکومەت ڕشتنەبووە لە گفتوگۆکان و ئامادەیی نەبووە داواکاریەکانی کورد جێبەجێبکات (محمد، ٢٠٢١: ٢٩–٣٠) لە ١٠ی حوزیرانی ١٩٦٣، حکومەتی عێراقی جاڕی کۆتایی گفتوگۆکانی لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد دا (حەسەن، ٢٠١٦: ١٦٣).

لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ عەبدولسەلام محەمەد عارف (١٩٢١ – ١٩٦٦)، کە یەکێک بوو لەو ئەفسەرانەی ڕۆڵی هەبووە لە ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی، ململانێی ناوخۆیی ناو ریزەکانی پارتی بەعسی قۆستەوە و سەرکەوتووبوو لە دورخستنەوەیان لە دەسەڵات و پۆستی سەرۆک کۆماری گرتەدەست تاوەکو ساڵی ١٩٦٦ (حمیدی، ٢٠١٠: ٤٢–٤٣). بە گووتەی یەکێک لە کارەکتەرە سیاسییەکانی ئەو کات، ئامانجی کودەتاچییەکان ڕاستکردنەوەی ئەو بارودۆخە بووە،

کە دەسەڵاتەکەی قاسم دروستیکردبوو، لەگەڵ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشە سەرەکییەکان لە پێش هەمووشیانەوە کێشەی کورد (خماس، ٢٠١٥: ١٤٧). هەر چەندە مستەفا بارزانی (١٩٠٣-١٩٧٩) لەوە گەیشتبوو، عارف مەبەستی پێدانی مافەکانی کوردی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەیی نیشانداوە بۆ گفتوگۆ، دوای گفتوگۆ ڕێککەوتنی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤[١] ڕاگەیەنرا (محمد، ٢٠٢١: ٤٠)، ڕێککەوتنەکە تەنیا جەختی لە ئاگربەست کردبۆوە بۆ وەستانی شەڕ. هەروەک بارزانیش لە ٢٨ی شوباتی ١٩٦٤ هەمان بابەتی دووپاتکردبۆوە (البوتاني،٢٠٠٤: ٣٨٤)، ڕۆژی دوای دەرکردنی بەیانەکە بە کردار شەڕ وەستا (قاضی، ٢٠٠٤، ج١: ٢٣٤). ڕێککەوتنی١٠ی شوباتی ١٩٦٤ هۆکارێکی کاریگەربوو بۆ جیابوونەوەی باڵێک بە ناوی باڵی مەکتەبی سیاسی لە ڕیزەکانی پارتی، چونکە ڕێککەوتنەکەیان وەک خۆبەدەستەوەدان دەبینی لە بەرانبەر حکومەت[٢] (بارزانی، ٢٠١١: ٢٨٢ )، ئەمەش کاریگەری زۆری کردبووەسەر لاوازیی هەڵوێستی پارتی (قاضی، ٢٠٠٦، ج١: ٢٣٥). لە لایەکی تریش لە ٢٩ی نیسانی ١٩٦٤ تاهیر یەحیا (١٩١٦-١٩٨٦) سەرۆک وەزیران دەستوری کاتی عێراقی ڕاگەیاند، بەڵام تێبینیکرابوو، دەستوورەکە ئاماژەیەکی ڕوونی بە مافەکانی کورد نەکردبوو، ئەوەش توڕەیی باڵی مەکتەبی سیاسی زیاتر کرد (بارزانی، ٢٠١١: ٢٨٢). لای خۆیەوە بارزانی ڕەخنەی لە دەستورە کاتییەکە گرتبوو، سەرکردایەتی پارتیش بەراورد بە دەستوری کاتی ١٩٥٨، دەستورەکەی بە دواکەوتوو ناوزەندکردبوو (محمد، ٢٠٠٦ : ٢٠٢)، لە ئەنجامی پەرەسەندنی ڕووداوەکان دەرکەوتبوو، حکومەتی عێراقی لە هەوڵی چارەسەری کێشەی کورد نییە، لە کانونی دووەمی ١٩٦٥ پەیوەندییەکانی نێوان بارزانی و عارف ئاڵۆز بوون و شەڕ و پێکدادان لە چەندین ناوچە ڕوویدا (جەلال، ١٩٩٩: ١٩٢). لە ١٣ی نیسانی ١٩٦٦، عەبدولسەلام عارف بە هۆی تێکشکانی فڕۆکەکەی گیانی لەدەستدا، لە ١٨ی نیسانی هەمان ساڵدا، عەبدولڕەحمان محەمەد عارف (١٩١٦-٢٠٠٧)ی برای شوێنی گرتەوە، عەبدولڕەحمان بەزاز (١٩١٣ - ١٩٧٣) حکومەتێکی نوێی پێکهێنا و جەختی لە سەر کۆتاییهێنان بە شەڕی نێوان "براکان" کردبۆوە و داوایکردبوو دان بە مافەکانی کوردا بنرێت (المشهداني، ٢٠٠٢: ١٧٥ - ١٨٦). لە ٢٩ی حوزیرانی ١٩٦٦، حکومەتی بەزاز لە بەیاننامەیەکدا دانی بە مافەکانی گەلی کوردا نابوو[٣]، هەر چەندە لە ڕوانگەی بارزانیەوە بەیاننامەکە ناڕوون بوو و وەڵامی داخوازییە سەرەکییەکانی کوردی نەدابوویەوە (محمد،٢٠٠٦، ٢٨١). بارزانی دڵنیابوو ناوبراو ناتوانێت بەیاننامەکە بگۆڕێت بۆ کردار. بەڵام سەرباری هەموو تێبینییەکانیش پێشوازی لێکرد (البلداوي،٢٠٢١: ٧٩). لە ڕاستیدا بۆچوونەکەی بارزانی لە شوێنی خۆیدا بوو، چونکە ڕێککەوتنەکە تەنیا مەرەکەبی سەرکاغەز بوو، بە کردار جێبەجێنەکرا (البلداوي،٢٠٢١: ٨٥). لە ئەنجامی ئەو ڕەوشە خراپەی حکومەتی

عێراقی تێیکەوتبوو، پارتی بەعس لە ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ لە کودەتایەکی سەربازیدا سەرکەوتووبوو لە دوورخستنەوەی عارف، لە وەرگرتنی دەسەڵات[٤]. هەر لە سەرەتاوە کودەتاچییەکان ڕایانگەیاند، ئەوان ڕژدن لە سەر چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد (شامل، ٢٠١٦: ٣٥). بە گوتەی جەلال تاڵەبانی، لە سەرەتادا بەعسییەکان هەندێک هەنگاویان بەم ئاڕاستەیەدا ناوە، لەوانە ڕێگایان داوە باڵی جیابووەوە، ڕۆژنامەی (النور) دەربکەن. هەروەها زیندانییە سیاسییەکانیشیان ئازادکردووە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردیش لە سەر بنەمای مافی خۆبەڕێوەبەری هاتنە پێش (الدوری، ٢٠١٥: ١٩٩).

### ب- دەرچوونی گۆڤاری برایەتی ١٩٧٠

بەردەوامبوونی شۆڕشی کوردی و بەرگریکردن لە مافەکانی، پارتی بەعسی هێنایە سەر ئەو بڕوایەی، چارەسەری سەربازی کێشەکان قوڵتر دەکاتەوە، هەروەها بە هۆی دەستگرتنی بە سەر شوێنە گرنگەکان، زۆری هێزی چەکدار، بوونی چەک و تەقەمەنی، پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە، زوو دانیان بەوە دانابوو لە نێو بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی باڵی بارزانی بەهێزترینیانە (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨: ٥١)، حەردان تکریتی وەزیری بەرگری و جێگری سەرۆک کۆمار باس لەوە دەکات، لە ئەگەری درێژەدانیان بە شەڕ لەوە ترساون "بەغداش بکەوێتە بەردەستی مەلا مستەفا بارزانی" (تکریتی، ب.س: ٨٧)، دوای ئەنجامدانی چەندین دیدار و گفتوگۆ بەیاننامەی ١١ی ئادار ڕاگەیەنرا [٥](جەلال، ١٩٩٩:٢٩٠-٢٩١). بەیانامەکە سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و حکومەتی عێراقی، بە گوتەی کارەکتەرێکی دیاری پارتی بەعس، یەکەم جاربوو مافی خۆبەڕێوبەری بدرێت بە کوردەکان لە "باکوری عێراق" ( من اوراق حازم جواد، ٢٠٢١: ٢٢٥)، وەرچەرخانێکی گەورەش بوو لە بواری ڕۆشنبیری کوردی بە گشتی و ڕۆژنامەوانیش بە تایبەتی، چونکە لەو کاتدا "بە دەیان گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە دەرچوون" (ساڵح، ٢٠٠٧: ١٧٩) و دەرگایەکی دیکەی بە ڕووی ڕۆشنبیری و کولتووری کوردیدا کردەوە (سورمی، ١٩٩٥: ١٠). هەروەها جوڵانەوەی ئەدەبیش تینوتاوێکی چاکی بە خۆیەوە دیوە، سەرچاوەیەکیش ئەو ماوەیەی بە "ڕێنیسانسی ئەدەبی کوردی" هەژمارکردووە (بەرزنجەیی، هەڵۆ،٢٠٠٥: ٢٤). هەر لەو ماوەیەدا، شاری بەغدا بە پلەی یەکەم، دواتر شارەکانی کوردستانیش بوونە مەکۆی چالاکی چەندین دەزگا و یانە و

کۆمەڵەی ڕۆشنبیری (نەجاڕ، ٢٠١٩: ٨٤-١٤٥). لەم هەلومەرجەدا پارتی ئەم دۆخەی قۆستەوە بۆ دووبارە دەرکردنەوی ڕۆژنامەی ( التآخی)، هاوکات پێشنیازکرابوو، پاشکۆیەکی بە زمانی کوردی بۆ دەربکرێت، پاشکۆکە لە شێوەی گۆڤارێک بووە بە ناوی برایی و سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول بۆ ئەم ئەرکە (سەعید ناکام)ی (١٩١٧-٢٠١١) ڕادەسپێرێت. لەو کاتەشدا هەریەک لە حەبیب محەمەد کەریم (١٩٣١-٢٠١٣) سکرتێری پارتی و عەلی عەبدوڵڵا (١٩٤٢-٢٠١٧) ئەندامی مەکتەبی سیاسیش وەک بەرپرسانی دەرکردنی گۆڤارەکە دەستنیشانکرابوون، (جەرجیس فەتحوڵڵا)یان (١٩٢٢-٢٠٠٦) وەک سەرنووسەر دیاریکردووە و هەموو دەسەڵاتێکیشان داوەتێ. لە سەر پێشنیازی سەعید ناکامیش ناوەکەی لە برایی دەگۆڕدرێت بۆ برایەتی (ناکام، ٢٠٠٣: ١٥٥). ژمارەی یەکەمی گۆڤاری برایەتی مێژووی ١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠ی بە سەرەوەیە، بەڵام ئەمە هەڵەیە، چونکە دوای بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، بڕیاری دەرچوونی گۆڤارەکە دراوە. ناکام ئاماژەی بەوە کردووە، کە یەکەم ژمارە لە حوزیرانی هەمان ساڵ دەرچووە. ناکام هەتا ژمارە دووشی ئامادەکردووە، بەڵام دواتر بە هۆی دەستوەردان لە کارەکانی دەستیلەکارکێشاوەتەوە (ناکام، ٢٠٠٣: ١٥٥-١٥٦). بە گوتەی محەمەدی مەلا کەریم، ناکام لە کارەکەی دوورخراوەتەوە. لە شوێنی ئەو ڕەفیق چالاک وەک بەرپرسی گۆڤارەکە دەستبەکاربووە (گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (٣)، کانوونی یەکەم، ٢٠٠٠ : ١٤). وەک لە سەر بەرگی گۆڤارەکە هاتووە، برایەتی "گۆڤارێکی سیاسی"یە و مانگی جارێک لە بەغدا دەرچووە، دوازدە ژمارەی لەم شارە دەرچووە، پاشانیش لە سلێمانی تەنیا دوو ژمارەی تری لێدەرچووە، دوای ئەویش گۆڤارەکە دەکرێتەوە بە ڕۆژنامە و وەک پاشکۆیەکی کوردی ڕۆژنامەی ئەلتاخی لە بەغدا دەستدەکاتەوە بە دەرچوون (گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (٣)، کانوونی یەکەم ٢٠٠٠ : ١٤) لە ژمارە (١)ەوە تاوەکو (١١) خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە حەبیب محەمەد کەریم و سەرنووسەریش عەلی عەبدوڵڵا بووە. دوای ئەوەی عەلی عەبدوڵڵا وەک پارێزگاری سلێمانی دەستنیشاندەکرێت لە شوێنی ئەو دارا تۆفیق (١٩٣٢-١٩٨١) دەستبەکار دەبێت. لە سەرەتادا بابەتێکی لە ژمارە (١)، لاپەڕە (٣)دا بە ناوی (برایەتی ئەمجارەمان)، کە تیایدا ئامانجی دەرکردنی گۆڤارەکە ڕوونکراوەتەوە. لەم قۆناغەدا ئەرکی گۆڤارەکەشی لە جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیاننامەدا دیوەتەوە، لە لایەکی دی، گۆڤارەکە تێیکۆشاوە بۆ ژیانێکی ئاشتییانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دوور و نزیکەکانی کورد، هەروەها گۆڤارەکە دەرگای بە ڕووی نووسەران و قەڵەمبەدەستانی کورد واڵاکردووە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان. ئاماژەش بەوە کراوە، گۆڤارەکە هاوشێوەی جوڵانەوەی کوردایەتی لە ناوجەرگەی گەلەوە هەڵقوڵاوە، هەر بۆیەش

"بەشی هەموو کوردێکی دڵسۆزی پێوەیە لە سەرانسەری کوردستاندا" (برایەتی ئەمجارەمان، ژمارە١، خولی دووەم، حوزیرانی ١٩٧٠: ٣).

## تەوەری یەکەم: ڕەنگدانەوەی مێژووی خەباتی سیاسی و چەکداریی کورد لە گۆڤاری برایەتی لە سەدەی نۆزدە و بیستدا

ئەگەر چاوێک بە لاپەڕەکانی مێژوودا بگێڕین و بڕوانینە ئەو نەهامەتیانەی بە سەر کورددا هاتوون، دەگەینە ئەو باوەڕەی، هۆکاری بەشێکی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد و خەباتە سیاسی و چەکداریەکەی، زوڵم و ستەمی دەوڵەتە سەردەستەکانی کوردستان و قەبووڵنەکردنی ئەو ستەمە بووە لە لایەن کوردەوە. گرنگیدان بە مێژووی شۆڕش و لاکردنەوە لە خەباتی سیاسی و بزاڤە چەکداریەکانی گەلی کورد، یەکێک لەو لایەنانەیە، کە گۆڤاری برایەتی بایەخی پێداوە، تێبینیدەکرێت لە دووتوێی لاپەڕەکانی، ژمارەیەکی بەرچاوی وتاری مێژوویی بڵاوکراونەتەوە، کە ژمارەیان دەگاتە (٦٣) وتاری مێژوویی بە ڕێژەی ١٩.٢٦٪ لە کۆی گشتی وتار و بابەتە بڵاوکراوەکان لە گۆڤارەکە، کە زۆرینەی ڕەهایان  تایبەتن بە مێژووی خەباتی سیاسی و چەکداریی کورد لە هەر دوو سەدەی نۆزدە و بیستدا. خەباتی ڕۆشنبیری و ڕێکخراوەیی کوردیش لایەنێکی دیکەی جێگای بایەخی گۆڤاری برایەتی بووە، ئەگەر سەرنج بدەینە لاپەڕەکانی گۆڤارەکە تێبینی کۆمەڵێک بابەت دەکەین لەبارەی خەباتی ڕێکخراوەیی و ڕۆشنبیریی گەلی کورد، بۆ نموونە لە کۆی بڵاوکراوەکانی گۆڤارەکە ١٨ وتاریان تایبەتن بە خەباتی ڕۆشنبیری بە ڕێژەی ٥.٥٪ و ٢٠ وتاریان تەرخانکراوە بۆ خەباتی ڕێکخراوەیی بە ڕێژەی ٦.١١٪  لەبەرئەوەی گۆڤارەکە هەمەڕەنگ بووە، ئەو ڕێژەی دەمێنێتەوە تایبەت کراوە بە بابەتەکانی دیکەی وەک، بەیاننامەکانی حیزب، چیرۆک، پەندی پێشینان، ئاگاداری و بڵاوکراوە، دیمانەی گۆڤار لەگەڵ کەسایەتییەکان... هتد.

### ١- خەباتی سیاسی و چەکداریی کورد لە سەدەی نۆزدەدا

لە سەدەی نۆزدەدا بارودۆخی کوردستان بە هۆی گۆڕانی پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕوسیا گۆڕانێکی بنەڕەتی بە سەردا هات، لە نیوەی یەکەمی هەمان سەدە، لە ئەنجامی شەڕی نێوانیان، بارودۆخی کوردستان چووە قۆناغێکی نوێ. چونکە ڕوسیا بە تەواوی لە سنورەکانی کوردستان نزیک بووەوە، تەنانەت بەشێکی بەرچاوی کورد لە شەڕی ساڵانی ١٨٢٨ – ١٨٢٩\ لە سوپای عوسمانی هەڵگەڕانەوە و چوونەپاڵ ڕوسەکان (خالفین ،٢٠١٧: ٤٧ – ٥٤؛ علی، ٢٠١٠ : ١٦ – ١٩)، لە گۆڤاری برایەتی بایەخ بەم گۆڕانە دراوە،

کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە بە سەر دۆخی سیاسی و سەربازی لە ناوخۆی کوردستاندا هاتووە، لە زنجیرە وتارێکدا، کە لە لایەن مێژوونووسی سۆڤیەتی (میخایل لازەریف ١٩٣٠ – ٢٠١٠) نووسراوە و (کاوس قەفتان ١٩٣٣ – ٢٠٠٩) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە گۆڤاری برایەتی بڵاوکراوەتەوە، تیشک خراوەتەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد و خەباتی چەکداریان لە سەدەی نۆزدە، لەوانەش ئاماژەی بە بزاڤی میر بەدرخان و پەیوەندیی نێوان کورد و ئاشوورییەکان داوە، هەروەها دەستوەردانەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و ڕۆڵیان لە کۆتاییهێنان بە بزوتنەوەکە شەنوکەوکراوە. جگە لەو باسە، لە هەمان وتاردا سەرنجی خستۆتەسەر بزاڤی چەکداریی کورد، کە لە سەروبەندی هەڵگیرسانی جەنگی قرم (١٨٥٣ – ١٨٥٦)، یەزدانشێری سەرکردەی کورد ئەو هەلەی قۆستۆتەوە و توانی سەرکردایەتیی بزوتنەوەیەکی بەهێز لە ناوچەیەکی پان و بەرینی کوردستان بکات، جگە لە کورد، عەرەب و ئاشوورییەکانیش پەیوەندییان بە بزاڤەکەوە کردووە. هەروەها باسی لە یارمەتینەدانی ڕوسیا بۆ بزوتنەوەکە و ڕۆڵی بەریتانیا لە کۆتاییهێنان بەو ڕاپەڕینە چەکداریە کردووە (کوردستان و... برایەتی، ژمارە ٥، ساڵی ١، خولی دووەم، ناوەراستی ئەیلولی ١٩٧٠، ١٢-١٤) لە درێژەی ئەو زنجیرە وتارانەیدا بە ناونیشانی (کوردستان و مەسەلەی کورد) وتارێکی دی وەرگێڕدراوی لازەریف بڵاوکراوەتەوە، کە بە تەواوکەری وتاری پێشوو دادەنرێت. بە کورتی هەڵوەستەی لە سەر بەشێکی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد کردووە، لەوانە ڕاپەڕینی کوڕانی بەدرخان (عوسمان و حوسێن) ساڵی ١٨٧٧، نووسەر بە ڕاپەڕینێکی گەورەی دەزانێت و دەڵێت: "کاربەدەستانی تورک بە شەرەشەق توانیان بەسەریا سەرکەون" (کوردستان و مەسەلەی... برایەتی، ژمارە ٦، خولی دووەم، تشرینی یەکەمی ١٩٧٠، ٢٠) بە بڕوای نووسەر لە ئەنجامی شکستی ڕاپەڕینەکە سەرکردەکانی کورد گەیشتوونە ئەو باوەڕەی تێکۆشانیان لە دژی عوسمانییەکان نایانگەیەنێت بە ئامانج، بۆیە کەوتنە بیری ئەوەی مەیدانی خەباتیان بگوازنەوە بۆ کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران، چونکە دەوڵەتی ناوەندی لە ئێران دەسەڵاتی بەرەو لاوازی دەچوو. شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ئەمەی بەهەلزانی و لە گوندی نەهری لە تەمموزی ١٨٨٠دا کۆنگرەیەکی گەورەی بەست بە ئامادەبوونی بەشێک لە سەرۆک هۆزەکانی کورد بڕیاری دەستپێکی خەباتیاندا[٦]. نووسەر لەو باوەڕەدایە دەوڵەتی عوسمانی بە نهێنی لەگەڵ بزوتنەوەکە بووە دژی قاجارییەکان، لەمەشدا دوو ئامانجی هەبووە لە لایەک دەیتوانی بزوتنەوەی کوردی لە خۆی دووربخاتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە، بۆئەوەی کورد وەک کارتێکی فشار لە دژی ڕوسەکان بەکاربێنێت، چونکە ڕوسیا بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری لە ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوای ئێران هەبوو. نووسەر بۆچوونی وا بووە، شکستی سەرەکی

بزوتنەوەکانی کورد، بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە بزوتنەوەکان لە سەر بناغەیەکی پتەوی ئابووری، سەربازی، سیاسی و کۆمەڵایەتی دانەمەزرابوون ( کوردستان و مەسەلەی... برایەتی، ژمارە ٦، خولی دووەم، تشرینی یەکەمی ١٩٧٠، ٢٠-٢١). تێبینیدەکرێت، نووسەر خوێندنەوەیەکی ورد و قوڵی بۆ ئەم باسە نەبووە، چونکە جگە لە هۆکارە ناوخۆییەکان، کە لەو قۆناغەدا بە هۆکاری سەرەکیی شکستی بزوتنەوەکانی کوردی دادەنێت، هاوکات فاکتەرە دەرەکییەکان و بەرژەوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان، بە یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتیەکانی سەرکەوتن یان شکستی هەر بزوتنەوەیەک دادەنرێت.

لایەنێکی دیکە کە لە گۆڤارەکە ڕەنگیداوەتەوە، مێژووی میر و دەسەڵاتە سیاسییە کوردییەکانی سەدەی نۆزدەیە، (عبدالرحمن ڕسول وەرتی) وتارێکی بە ناونیشانی" کورتە باسێک لەسەر مێژووی محمد پاشای ڕەواندزی" بڵاوکردۆتەوە، لە سەرەتادا لە دایکبوون و ژیانی منداڵی محەمەد پاشای بە کورتی خستۆتەڕوو، بە کەسێکی چالاک و جێگای ئومێدی باوکی ناوی بردووە. هەروەها بایەخدانی باوکی بە خوێندن و فێربوونی کوڕەکەی و هەر لەم منداڵیەوە ناردوویەتی بۆ حوجرە و وانەی ئایینیی خوێندووە، ئینجا هاتووەتە سەر ئەو هەڕەشانەی لە لایەن خزم و براکانیەوە لە سەر دەسەڵاتی مستەفا بەگ دروستیانکردبوو، دواتر ئاماژەی داوە بە چۆنیەتیی وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن میر محەمەد، لەگەڵ وەرگرتنی دەسەڵاتیش بە دەستێکی پۆڵایین توانیویەتی دۆخی میرنشینی سۆران ڕێکبخاتەوە و فراوانخوازی لە ناوچەکانی دەوروبەر بکات. شایانی باسە، لە وتارەکەدا ئاماژە بەو چاکسازیانە کراوە، کە لە ماوەی دەسەڵاتی خۆی ئەنجامی داوە، پاشان لە ساڵی ١٨٣٦ میر محەمەد بڕیاری سەربەخۆیی داوە لە دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام ئەم کارانەی بوونەتە جێگای نارەزایەتیی دەوڵەتی عوسمانی، بۆیە بڕیاریان داوە کە سنور بۆ دەسەڵاتەکەی دابنێن، پاشان نووسەر هاتۆتەسەر ڕوخانی میرنشینی سۆران و وای بۆچووە هۆکاری لەناوچوون و ڕوخانی میرنشینیەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فەتوایەی موفتی میرنشینەکە مەلای خەتی[٧] داویەتی کە دەڵێت: "شەڕکردن لەگەڵ قەرالی تورک کە مسلمانی زیان ئەبەخشی بە ئاینو بەردانی ژن (تەلاق کەوتن)"، (مێژوی کورد و... برایەتی، ژمارە١، ساڵی ٢، حوزەیرانی ١٩٧١، ٢٨-٣٠) بەڵام دەکرێت ئەمە تەنیا لایەنێکی باسەکە بێت و قسەکردن لە سەر بابەتێک کە پێناچێت نووسەری وتارەکە لە سەر بنەمایەکی زانستی بەدواداچوونی وردی بۆ کردبێت لە جێگای خۆیدا نییە، چونکە لە بنەڕەتدا بە مەبەستی دووبارە گیان بەبەرداکردنەوەی دەوڵەتەکەیان لە سەردەمی دەسەڵاتی (سوڵتان مەحمودی دووەم ١٨٠٨-١٨٣٩) دەوڵەتی عوسمانی بڕیاری دابوو دەسەڵاتی ناوەندی بگەڕێنێتەوە بۆ هەرێم و ناوچەکانی ئیمپڕاتۆریەتەکە، هەروەها گرێدانی

ڕووداوێکی مێژوویی بە تاکە هۆکارێکەوە کارێکی زانستیی ورد نییە، ئەوکاتە دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارەش بدرێتەوە، ئەگەر میرنشینی سۆران بە فەتوایەک ڕووخابێت؟ ئەی میرنشینە کوردییەکانی دیکە چۆن و بە فەتوای کێ کۆتایی بە دەسەڵاتیان هێنراوە؟ (هروتی، ٢٠٠٨ : ٢٠٤). هەروەها بۆچوونی جیاواز هەیە لەبارەی فەتواکەی مەلای خەتێ. بەشێکی توێژەران ئەمە بە زانیارییەکی ناڕاست و هەڵبەستراو دەزانن، لەو باوەڕەدان، ئەو بۆچوونەی (حوسێن حوزنی موکریانی)، لە بارەی تۆمەتبارکردنی مەلای خەتێ، بە هۆکاری ڕوخانی میرنشینی سۆران، لە ڕاستیەوە دوورە (ئەمین، ٢٠١٧ : ٣٢٨ – ٣٢٩ ؛ حەمەکەریم، ٢٠٠٦ : ٢٣ – ٢٩؛ البحركي، ٢٠١٨ : ٥٣ – ١١٢؛ قەفتان، ٢٠٠٦ : ٦٩ – ٧٦).

## ٢- خەباتی سیاسی و چەکداریی کورد لە سەدەی بیستدا:

بە هۆی ئەو گۆڕانە سیاسی و سەربازیانەی لە سەدەی بیستەمدا هاتنەئارا، هاوکات خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردیش پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە. گۆڤاری برایەتی بایەخی بە مێژووی کورد و خەباتە نەتەوایەتییەکەی داوە لە سەدەی بیستەمدا، لە وتارێکیدا (کەمال مەزهەر ١٩٣٧ -٢٠٢١) بە ناوی (ئۆکتۆبەر و مەسەلەی کورد) بە وردی تیشکی خستۆتەسەر کاریگەریی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بۆ سەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەو باوەڕەدایە کە شۆڕشەکە "گەورەترین ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیهانی نوێیە کە سەرەتای گۆڕینێکی گەورەی لە هەموو جیهاندا هێنایە کایەوە" لەم چوارچێوەیەشدا میللەتی کورد کە لەپێناو ڕزگاربوون لەژێر دەستەیی خەباتی کردووە، بەهۆی بەرزکردنەوەی دروشمی ئازادی و مافی گەلان بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیان کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەم شۆڕشە، ئەو پێی وایە شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە زۆر لایەنەوە کاری کردۆتە سەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کورد، بۆ نموونە کاریگەریی شۆڕشەکەی بۆ سەر جوڵانەوە چەکداریەکانی (شێخ مەحمود ١٨٧٨-١٩٥٦) ڕوونکردۆتەوە بەوەی کە شێخ لە نامەیەکدا لە ڕێگەی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز بۆ دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت ناردوویەتی ئاماژەی بەوە کردووە" هەموو کورد ڕووس بە ڕزگارکەری ڕۆژهەڵات دائەنێت..." هەروەها لە گەرمەی جوڵانەوەی چەکداری شێخ مەحمود لەگەڵ بەریتانیا، یەک لەو دەوڵەتانەی داوای یارمەتی لێکردووە، یەکێتی سۆڤیەت بووە. مەزهەر وای بۆ دەچێت، شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و شێخ سەعیدی پیران (١٨٦٥ – ١٩٢٥) و سمکۆی شکاک (١٨٨٧ – ١٩٣٠) بە کاریگەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕوویانداوە (ئۆکتۆبەر و مەسەلەی ... برایەتی، ژمارە٩، خولی دووەم، ساڵی ١، کانوونی یەکەم، ١٩٧٠: ٤-١٢) تێبینیکراوە نووسەری وتارەکە لایەنگری بۆ یەکێتی سۆڤیەت

بە سەریدا زاڵە. چونکە لەو باوەڕەدایە، تاکە وڵاتە لەگەڵ مافی چارەیخۆنووسینی گەلاندا بووە و بە تاکە ئومێدی ڕزگاری کوردی هەژمارکردووە. بە دوور نازانرێت، فاکتەری ئایدۆلۆژی لە دواوەی ئەم نووسینەوە بووبێت. بەو پێیەی ناوبراو چەپێکی نەتەوەیی بووە و لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٠ – ١٩٦٩ خوێندنی باڵای لە باکۆی پایتەختی ئازەربایجانی سۆڤیەتی تەواوکردووە.

لایەنێکی دیکە لە گۆڤاری برایەتی بە بایەخەوە باسکراوە، ئەو پەیمان و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیانە بوون لە دوای لەبەریەکهەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە نێوان کەمالیەکان و وڵاتانی هاوپەیمان مۆرکرابوون، کە پەیوەندیدارن بە کورد. وڵاتانی هاوپەیمان پەیماننامەی سیڤەریان لە ئابی ١٩٢٠ و دواتریش لۆزانیان لە تەمموزی ١٩٢٣ لەگەڵ کەمالیەکان مۆرکرد. لە پەیمانی سیڤەر لە بەندەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤ دا داننرابوو بە مافی دامەزراندنی هەرێمێکی سەربەخۆ بۆ کورد. لە وتارێکیدا کەمال مەزهەر تیشکی خستۆتەسەر بارودۆخی پێش بەستنی پەیمانەکە و ئامانج و بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێز، بە تایبەت بەریتانیا لە گرێدانی ئەم پەیمانە، پرسیاری ئەوە دەوروژێنێت، کە ئایا بۆ تەنیا بۆ کورد پێویست بووە، کۆمەڵەی گەلان ڕازی بێت بە دروستکردنی دەوڵەت؟ ئایا بەریتانیا ئاگاداری ئەوە نەبووە چل ساڵ پێش بەستنی پەیمانەکە و لە سەردەمی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٣٠ – ١٨٨٣) کورد داوای سەربەخۆیی دەکات؟ نووسەر لەو باوەڕەدایە، وڵاتانی هاوپەیمان ڕشت نەبوون لە جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیمانەکە و پرسی کوردیان لە بیر خۆیان بردۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا باسکردنی مافی کورد لەو پەیمانە، دۆزی کوردی لە نێوان دەوڵەتان بە یاسایی کردووە، جموجۆلیشی خستۆتەناو کوردە نیشتمانپەروەرەکان (سەرنجێکی نوێ... برایەتی، ژمارە ٧،ساڵی١، خولی ٢، تشرینی یەکەمی ١٩٧٠، ١٥–١٨)، هەر لەبارەی پەیمانی سیڤەر، نەجمەدین عەونی وتارێکی بڵاوکردۆتەوە، ئاماژەی بە مافەکانی کورد کردووە بۆ دامەزراندنی هەرێمێکی سەربەخۆ (لاپورتیت ڕەش، برایەتی، ژمارە ٣، ساڵی ١، خولی دووەم، ئابی ١٩٧٠: ٥٥)، بەڵام لەبەر چەند هۆیەک پەیمانی سیڤەر جێبەجێنەکرا و لە پەیمانی لۆزان مافەکانی کورد پشتگوێخران. وڵاتانی زلهێز لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لەگەڵ کەمالییەکان و دەسەڵاتی تازەی تورکیا خۆیان لە مافەکانی کورد بوارد و پارێزگارییان لە بەندەکانی پەیمانی سیڤەر کردن (لاپورتیت... برایەتی، ژمارە ٤، ساڵی ١، خولی دووەم، ئەیلولی ١٩٧٠: ٧٢)، دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، ئەم پاشەکشەیەی وڵاتان لە پەیمانی سیڤەر و چاوپۆشیکردنیان لە مافەکانی کورد و ڕێککەوتنیان لەگەڵ کەمالییەکان، یەکێک بووە لە هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشەکانی کورد لە سەدەی بیستەمدا. ئامانجێکی تری گۆڤارەکە لە وتارە مێژووییەکان، خۆی لە بە نەمری هێشتنەوەی ئەو کارەسات

و مەینەتیانە دەبینێتەوە، کە بە سەر میللەتی کورددا هاتوون، بۆئەوەی نەوەکانی داهاتوو بێئاگا نەبن لەو قوربانیانەی بە سەر پێشینەکانیاندا هاتوون. بۆ نموونە: لە وتارێکدا باس لە ڕووداوی لە سێدارەدانی شێخ سەعیدی پیران کراوە و بە کارەسات دەزانێت بۆ میللەتی کوردی. هاوکات تیشک خراوەتەسەر کارەساتی ٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ی بەردەرکی سەرا و بە ڕۆژێکی ڕەش لە مێژووی کورددا ناوزەدی کردووە (کاروان هەروا...برایەتی، ژمارە:٥، ساڵی ١، خولی دووهەم، ئەیلولی ١٩٧٠: ٣-٤). هەروەها محەمەد ڕەشید فەتاح لە وتارێکدا لە یادی لە سێدارەدانی شێخ سەعیدی پیران، وتەکانی لە بەردەم پەتی سێدارە بڵاوکردۆتەوە (پەتی سێدارەو... برایەتی، ژمارە:١، ساڵی ٢، حوزەیرانی ١٩٧١: ٣١-٣٢). لە وتارێکیدا هاوار ڕۆڵ و خەباتی شێخ مەحمود لە هەوڵدان بۆ دەستخستنی مافەکانی کورد و هاوکات باس لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی جولانەوە چەکداریەکانی کورد دەکات بە سەرکردایەتیی شێخ مەحمود (لە یادی کۆچی دوایی... برایەتی، ژمارە ٨ ،ساڵی ١، خولی دووەم، تشرینی دووەمی ١٩٧٠: ٤-٥). بە وردبوونەوە لێیان دەگەینە ئەو باوەڕەی، هەرچەندە وتارەکان بۆ ئەو قۆناغەی مێژووی کورد گرنگ و کاریگەر بوون، بەڵام زیاتر کۆمەڵە وتارێکی سۆزدارین و شۆڕ نەبوونەتەوە ناو تەواوی باسەکان، قوڵبوونەوەیەکی ئەوتۆشیان تیادا بەدی ناکرێت بۆ ڕوونکردنەوەی تەواوی لایەنەکانی باسەکە. هەروەها گۆڤارەکە لە هەندێک وتاردا تیشکی خستۆتەسەر ڕۆڵ و پێگەی کورد لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی گەلی عێراق، لەوانەش شۆڕشی بیست و ڕاپەرینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨. کەمال مەزهەر بە دوو وتار شرۆڤەی هەردوو ڕووداوەکەی کردووە. لە بابەتی شۆڕشی بیست خەباتی هاوبەشی کورد و عەرەبی خستۆتەڕوو، و هەڵوەستەی لە سەر ڕۆڵی کورد لە شۆڕشەکە کردووە، ئەو گومانەی ڕەواندۆتەوە، کە کورد هیچ ڕۆڵێکی نەبووە لە شۆڕشەکەدا (شوێنی میللەتی... برایەتی، ژمارە٤، ساڵی ١، خولی دووەم، ئەیلولی ١٩٧٠: ٢٢-٢٥). لە وتارێکی تردا ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ی بە وەرچەرخانێکی گرنگ زانیوە لە مێژووی عێراقدا و ئاماژەی بە ڕۆڵی جەماوەری کوردستان و پارتی لەو ڕاپەڕینە داوە. هەروەها ئەو دەستکەوت و مافانەی کورد توانی بەدەستیانبهێنێت، بە گوتەی نووسەر یەک لەو دەستکەوتانەش بۆ یەکەمجار و بە ئاشکرا لە مێژووی عێراقدا ڕێگەدرا گۆڤارێکی سیاسی بە زمانی کوردی دەربچێت بە ناوی (نزار)، کە علائەدین سجادی (١٩٠٧ - ١٩٨٤) سەرنووسەری بوو. بەڵام پێدەچێت نووسەر لەم بابەتە کەوتبێتە هەڵەوە و نەیپێکابێت، چونکە پێشتریش لە ساڵی ١٩٤٣ گۆڤاری دەنگی گێتیی تازە بە پشتگیری بەریتانیا لە بەغدا و بە زمانی کوردی دەرکراوە. لە ڕوانگەی بەریتانیا شرۆڤەی ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانی کردووە (دەنگی گێتی تازە، ژمارە١، بەرگی ١، تشرینی

یەکەم ١٩٤٣)، هەروەها لە دیدی نووسەرەوە یەک لە نیشانە جیاکەرەوەکان و دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی ڕاپەڕینەکە، بەشداری ئافرەتانی شار بووە بە کورد و عەرەب، هەروەها تێکەڵبوونیان بووە بە ژیانی سیاسی، ڕاپەڕینەکە بە کردەوە خەباتی هاوبەشی ڕێکخراوەیی کورد و عەرەبی خستووەتەڕوو، کە بوو بە بناغەی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینەکە (لە بارەی ڕاپەڕینە...برایەتی، ژمارە:١١، ساڵی ١، خولی دووەم، شوباتی ١٩٧١: ٤-١٤). وا پێدەچێت، ئەم وتارانەی کەمال مەزهەر بە کاریگەری بەیانی ١١ی ئادار نووسرابن، چونکە لەو کاتەدا، ناوبراو لە شاری بەغدا نیشتەجێ بووە و ئەم نووسینانەی زیاتر خزمەتی بە گوتاری برایەتیی کورد و عەرەب کردووە، کە لەم بارودۆخەی دوای مۆرکردنی بەیانەکە هاتبووە ئاراوە.

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە دەسەڵاتی ئێران تێیکەوتبوو، دەرفەت بۆ کورد هاتەپێش، کە هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی دابمەزرێنێت، کوردانی باشوور بە تایبەت بارزانییەکان لە دوای جوڵانەوەی دووەمی بارزان ١٩٤٣ - ١٩٤٥ ڕوویانکردبووە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد ١٩٤٦، بەشێکی بارزانیەکان بە سەرکردایەتیی مستەفا بارزانی بڕیاریاندا بەرەو خاکی سۆڤیەت بچن و ئامادە نەبوون خۆیان ڕادەستی دەسەڵاتدارانی ئێران بکەن یاخود بگەڕێنەوە بۆ عێراق. گۆڤاری برایەتی لە ڕێگەی شیعرێکەوە، کە مەمەند ئاغای فاتی نووسیویەتی گوزارشتی لەم ڕووداوە مێژووییە کردووە و لە بەشێکی دەڵێت:

ئەی دەستە شێری نیری بێ نەوایی کورد ئێوەن بە ئەمری عەزم و شەرەف گیانفیدایی کورد

گیانتان لە قەسری جەننەتی مەئوایە بێ گومان ئێوەو ڕەفیقی ئێوە لەگەڵ پێشەوایی کورد

تەئسیری عەشقی ئێوە ئەکا دەم بەدەم زیاد تا ڕۆژی واپەسین لە دڵی ئەذکیایی کورد

ئەی خێڵی بارزان و شەهیدانی ڕێی وەتەن مێژوو گەواهی ئێوەیە. ئێوەن بەنایی کورد....(بە یادی شەهیدانی...برایەتی، ژمارە:٩، ساڵی ١، خولی دووەم، کانوونی یەکەمی ١٩٧٠: ١٣). لە گۆڤاری برایەتی بایەخێکی گرنگ بە دەستکەوتەکانی شۆڕشی ئەیلول دراوە. لوتکەی ئەم دەستکەوتانەش بەیانی ١١ی ئادار بوو، بەیاننامەکە بە گرنگییەوە باسکراوە، بۆ نموونە لە گۆڤارەکەدا هاتووە، بەیانی ١١ی ئادار "ئەکەینە سەرمەشقی هەڵسوڕانمان" (برایەتی ئەمجارە... برایەتی، ژمارە ١، خولی دووەم، حوزەیرانی ١٩٧٠: ٣) بۆ یەکەمجار دەوڵەتی عێراق بە فەرمی

دانی بە بەشێکی مافە نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و سیاسییەکانی کورد ناوە، لەم بارەیەوە چەند وتارێک بڵاوکراونەتەوە. سەرەڕای دەربڕینی خۆشحاڵییان، هاوکات هەوڵیانداوە ناوەڕۆک و بەندەکان و پەیامی بەیاننامەکە بۆ خوێنەرانیان ڕوونبکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە بە چەند ناونیشانێکی جیاواز وتار لە بارەی بەیانەکە بڵاوکراونەتەوە. بۆ نموونە، تەنیا لە ژمارە یەک، چوار بابەت لە سەر بەیاننامەی ١١ی ئادار بڵاوکراونەتەوە (ڕێبازی...، بەیانە مێژووییەکەی...، میللەتی کورد و...، میللەتی کورد و حوکمی...برایەتی ژمارە١، ساڵی ١، خولی دووەم، ١ی حوزەیرانی ١٩٧٠: ٤، ٦، ٥٤، ٥٦) لەو وتارەی بە ناونیشانی (بەیانە مێژووییەکەی یانزەی مارت) نووسراوە، دەقی قسەکانی سەرۆک کۆمار (ئەحمەد حەسەن بەکر ١٩٦٨ – ١٩٧٩) بڵاوکراوەتەوە. سەرنج خستراوەتەسەر ڕێککەوتنیان لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول و ئەرک و مافەکانی هەردوولا، هاوکات بە تێر و تەسەلیش لە سەر بەندەکانی وەستاوە (بەیانە مێژووییەکەی...برایەتی ژمارە ١، ساڵی ١، خولی دووەم، حوزەیرانی١٩٧٠، ٦–٨) هەروەها شاکر فەتاح (١٩١٤ – ١٩٨٨) لە وتارێکیدا بە ئومێدەوە لە بەیاننامەکە دەڕوانێت و وێنەیەکی ڕوونی ئەو ڕۆژانەمان بۆ بە دیاردەخات، کە ئاهەنگ و دەربڕینی خۆشیی جەماوەری کورد و عەرەب و خۆشحاڵیی وڵاتانی دۆست و پیرۆزباییەکانیان بۆ هەردوو گەلی کورد و عەرەب دەربڕیوە. نووسەر لەو باوەڕەدایە، ئەم بەیاننامەیە مێژووی عێراقی گۆڕی و بە هۆیەوە دۆستایەتی لە نێوان کورد و عەرەب هاتەئارا. هۆکاری ئەم دەستکەوتەش دەگەڕێنێتەوە بۆئەوەی، کە شۆڕشی ئەیلول پێچەوانەی شۆڕشەکانی دیکەی کورد سەرتاسەری بووە و نەتەوە ئەنجامی داوە نەک ئاغا و بەگ، هەروەها باسی ڕۆڵی پارتی کردووە لە شۆڕشەکەدا و لەو باوەڕەدایە ئەو خەبات و خۆبەختکردنەی پێشمەرگەی کوردستان و پارتی گێڕایان لە شۆڕشەکە تا بەیانی ١١ی ئادار پێویستە "بە سەرکەفی زێڕ لە مێژووی کوردا بنووسرێتەوە"(شۆڕشی گەورەی کورد... برایەتی، ژمارە ٦، ساڵی ١، خولی دووەم، تشرینی دووەمی ١٩٧٠: ٧–٩). هەروەها کەسێک بە ناوی دلسۆز لە وتارێکیدا تیشکی خستووەتەسەر بەیاننامە و دەستکەوتەکانی و بە ڕووداوێکی گرنگی لەقەڵەمداوە بۆ هەردوو گەلی کورد و عەرەب (وا ساڵێک ڕابوو... برایەتی ژمارە ١٢، ساڵی ١، خولی دووەم، ناوەڕاستی نیسانی ١٩٧٠: ٨). ئەوەی مایەی هەڵوەستە لە سەر کردنە، بەشێکی زۆری وتارەکان لەبارەی بەیانی یازدەی ئازار بە کاریگەریی هەست و سۆز نووسراون، وتارەکان وردبوونەوەیەکی ئەوتۆیان تێدا بەدیناکرێت. شرۆڤە و لێکدانەوەکان زیاتر لە بازنەیەکدا دەخولێنەوە، کە بەرگریکردن بێت لە پەیمانەکە. ماندووبوونی میللەت و شۆڕشگێڕان دوای نۆ ساڵ لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە لایەک و دانپێدانانی حوکمەتی عێراقی بە بەشێک لە مافەکانی کورد لە

نێویشیاندا مافی ئۆتۆنۆمی لەلایەکی دی، دەکرێت لە هۆکارە دیارەکان بن، کە وتارەکانی تایبەت بە بەیانی ١١ی ئادار زیاتر لایەنگریان پێوە دیار بێت. هەروەها لە خستنەڕووی بەیانەکە قوڵ نەبووبن. دوای چوار ساڵ لە مۆرکردنی بەیاننامەکە، دەبینین، حکومەتی ئەوکاتی عێراق پابەندی بەیانەکە نابێت و دووبارە شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عێراق دەستپێدەکاتەوە.

ژیان و تێکۆشانی پێشمەرگەکان، ئەوانەی لە پێناوی دۆزی نەتەوەیی کورددا خەباتیان کردووە و گیانی خۆیان بەختکردووە، یەکێکی دیکەیە لەو لایەنانەی کە لە گۆڤاری برایەتی بایەخ و گرنگی پێدراوە. ئەوەتا لە زۆربەی ژمارەکانی گۆڤارەکە گۆشەیەک تەرخانکراوە بە ناوی گۆشەی شەهیدان، تیایدا خەبات و تێکۆشانی بەشێکی ئەو پێشمەرگانەی خستۆتەڕوو، بە تایبەت ئەوانەی لە شۆڕشی ئەیلول گیانیان سپاردووە[٨].

## تەوەری دووەم: ڕەنگدانەوەی خەباتی ڕۆشنبیری و ڕێکخراوەیی کورد لە گۆڤاری برایەتی

### یەکەم: خەباتی ڕۆشنبیری

لە تەک تێکۆشانی چەکداری، خەباتی ڕۆشنبیری یەکێکی دیکەیە لەو ڕێگایانەی میللەتان بایەخی پێدەدەن، بە ئامانجی گەیاندنی پەیامی شۆڕش و ڕاپەڕینە چەکداریەکان، کوردیش هەر بواری بۆ ڕەخسا بێت، ئەم لایەنی فەرامۆش نەکردووە. گۆڤاری برایەتی لەگەڵ ئەوەی بایەخی بە مێژووی شۆڕش و ڕاپەڕینە چەکداریەکانداوە، گرنگییەکی بەرچاویشی بە لایەنی ڕۆشنبیری و هۆشیارکردنەوەی تاکی کورد داوە، هەوڵی داوە هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی کورد بەرزبکاتەوە.

لە ژمارە (٢) وتارێک بڵاوکراوەتەوە، کە بەدرخان سندی نووسیویەتی، لەو باوەڕەدایە، نەزانین دوژمنی سەرەکییە بۆ پێشکەوتنی هەر گەل و نەتەوەیەک. سەبارەت بە کوردیش نووسیویەتی: " کورد مللەتەکێ تێهنیە ئو بارانەکێ زۆر پێدڤێت دا شینکاتیا ڕەوشەن بیری یێ تێدا ببینین" داوا لە گەنجان دەکات، جگە لە خۆیان کەس و کار و خزمانیان فێری خوێندەواری بکەن (مە شۆڕشەکا... برایەتی، ژمارە٢، ساڵی ١، خولی دووەم،تەمموزی ١٩٧٠: ٥٦). گۆڤارەکە بایەخێکی گەورەی بە ئەدەبیات و زمانی کوردی داوە، کە بە بڕبڕەی پشتی مانەوە و بەردەوامی شوناسی هەر نەتەوەیەکی داناوە. لە ژمارە (١)یدا وتارێک بڵاوکراوەتەوە، کە نەسرین فەخری

نووسیویەتی، تیشکی خستۆتەسەر مێژووی زمانی کوردی و هەوڵەکانی نەیارانی کورد بۆ هێرشکردنەسەری. لەو بڕوایە دایە "یەکێتی زمان گرنگترین نیشانەی شوناسی نەتەوەیە" ڕەخنەش ئاراستەی نووسەر و ئەدیبانی کوردی دەکات، کە زمانی کوردیان پشتگوێ خستووە (زمانی کوردی...برایەتی ژمارە١، ساڵی ١، خولی دووەم، ١ حوزەیرانی١٩٧٠: ٢٤). وتارێکی تر بە شێوەزاری کرمانجی لە لایەن نەجمەدین عەونی لە هەمان ژمارە بڵاوکراوەتەوە و تیشک خراوەتەسەر شێوەزارەکانی زمانی کوردی و ئاماژە بە هۆکارەکانی دابەشبوونی داوە، لەگەڵ پێویستی زمانێکی یەکگرتوو، کە بناغەی دامەزراندنی هەر نەتەوە و دەوڵەتێکە (بوچی زمانی مە بیە... برایەتی، ژمارە ١، ساڵی ١، خولی دووەم، حوزەیرانی١٩٧٠، ٦٠-٦١ ). هەروەها لە ژمارە ٢ دا بابەتێکی ڕەخنەیی بڵاوکراوەتەوە، کە لە لایەن ناکامەوە نووسراوە. لە لایەک پەسندی ئەو نووسەرانە دەکات بە زمانی عەرەبی دەنووسن، ئەمەش بۆ شارەزابوونی خوێنەرانی عەرەبە بە کولتوور و ئەدەبیاتی کوردی و ناسینی شاعیر و نووسەرانی کورد. هاوکات ڕەخنەش لەو کەسانە دەگرێت، کە تەنیا دەیانەوێت خۆیان دەربخەن و ئامانجیان خزمەتی زمان و کولتووری کوردی نییە (ئەو کوردانەی بە عەرەبی... برایەتی، ژمارە٢، ساڵی ١، خولی دووەم، تەمموزی ١٩٧٠: ٩-١٠). هەروەها عیزەددین مستەفا ڕەسول ١٩٣٤ - ٢٠١٩ وتارێک بڵاودەکاتەوە، لەو باوەڕەدایە، زمانی کوردی زمانێکی یەکگرتووە، لە چوار دیالێکتی گەورە پێکهاتووە، بەڵگەشی بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکەی ئەوەیە، کە لە هەر کوردێک بپرسی لە هەولێر، ماردین، هەورامان یان کرمانشان، ئەو زمانەی پێی دەدوێی چییە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: کوردی (زمانی کوردی...برایەتی، ژمارە ٧، ساڵی ١، خولی دووەم، تشرینی یەکەمی ١٩٧٠: ٢٠-٢٢)، لە ژمارە (٨)یش وتارێکی دیکەی هەمان نووسەر بڵاوکراوەتەوە، کە قۆناغ و بەربەستەکانی بەردەم زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی تاوتوێکردووە (زمانی کوردی...برایەتی، ژمارە ٨، ساڵی ١، خولی دووەم، تشرینی دووەمی١٩٧٠: ١٢-١٥). ئەم گرنگی پێ دانەی گۆڤاری برایەتی بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی، لە ڕوانگەی هەستی نەتەوایەتی و بۆ بەئاگاهێنانەوەی خوێنەرانی کورد بووە. ئامانجیشی ئەوە بووە وەڵامی ئەو کەسانەش بداتەوە، کە لایان وایە، کورد زمانێکی سەربەخۆی نییە و خاوەنی وشە و زاراوە و ڕێزمانی تایبەت بە خۆی نییە، زمانی کوردی مەرجی بوون بە زمانی تێدا نییە.

### دووەم: خەباتی ڕێکخراوەیی

لایەنێکی دیکەی جێگای بایەخی گۆڤاری برایەتی، خەباتی ڕێکخراوەیی و حزبایەتی بووە، بە تایبەت ئەو ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییانەی ژمارەیەکی بەرچاو لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە دەوریان کۆبووبووەوە. ئامانجیشی هۆشیارکردنەوەی چین و توێژەکان بوو لە خەبات و قوربانی کورد لە لایەک و لە لایەکی دیکە گەیاندنی پەیام و ئامانجەکانیانە لە دووتوێی لاپەڕەکانیدا. ئەو هەلومەرجە سیاسییە لە بارەی لە ئەنجامی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار هاتەکایەوە، هەلی لە بەردەم ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکاندا ڕەخساند، دەست بە خۆ ڕێکخستنەوە بکەن لە خەباتی ڕێکخراوەییان. ئەوەی تایبەتە بە کادیری حزبیەوە، لەو بارەوە وتارێک لە ژمارە (٢)ی گۆڤارەکە بڵاوکراوەتەوە، ئەرک و بایەخی کادیری لە ژیانی حزبایەتیدا بە وردی خستۆتەڕوو (لە بارەی... برایەتی، ژمارە٢، ساڵی١، خولی دووەم، تەمموزی ١٩٧٠: ٥-٨). هەروەها لە ژمارە (٣)دا، بە وتارێک مەرجەکانی کادیری سەرکەوتووی باسکردووە. بوونی کادیری باش و لەخۆ بووردەی بە بەردی بناغەی پێشکەوتنی هەر حزب و گرووپێکی سیاسی داناوە. پاشان هاتۆتەسەر تایبەتمەندییەکانی کادیری باش و نووسیویەتی، باشترین کادیر ئەو کەسەیە، کە ئامادە بێت بەرژەوەندییەکانی گەل بخاتە پێش بەرژەوەندیی حزبی و کەسییەوە. هەوڵبدات باشترین خزمەت پێشکەش بکات (لە بارەی کادیرەوە...برایەتی، ژمارە٣، ساڵی ١، خولی دووەم، سەرەتای ئابی ١٩٧٠: ٢٠-٢٣). هەروەها لە ژمارە (١)ی گۆڤاری برایەتی گرنگی بە توێژێکی گەورەی کۆمەڵگا دراوە، ئەویش چینی جوتیارانە. نەجمەددین گۆمەشینی لە وتارێکیدا داوای چەسپاندنی مافەکانی جوتیاران دەکات، هاوکات داوای هەنگاوی کردەیی دەکات، وەک دامەزراندنی کۆمەڵەی تایبەت بە جوتیاران، بۆئەوەی خۆیان تێدا کۆبکەنەوە و پەیڕەو و پرۆگرامی تایبەت بە خۆیان هەبێت و شانبەشانی کۆمەڵەی جوتیاری عێراقی خزمەتی ئەم چینە گەورەی کۆمەڵگا بکەن. چونکە بە گوتەی خۆیان، بەشێکی بەرچاوی دانیشتوانی کوردستان لە چینی جوتیار پێکهاتووە. بەڕای نووسەریش بەشێکی بەرچاوی پێشمەرگەکان لە شۆڕشی ئەیلول لە چینی جوتیاران بوون (جولانەوەی جوتیاران...برایەتی، ژمارە١، ساڵی ١، خولی دووەم، ١-کانونی دووەم ١٩٧٠: ٤٦، ٤٩). هەروەها گۆڤارەکە گرنگی بە توێژی ئافرەت و منداڵ و ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگا داوە. هانی داون قەڵەمەکانیان بخەنەگەڕ و بکەونە مەیدانی خەبات و تێکۆشانی ڕۆشنبیری بۆ جڤاکێکی پێشکەوتنخواز، بۆ ئەم مەبەستەش گۆشەیەکی تایبەت تەرخانکردووە بە ناوی (گۆشەی ئافرەتان و منداڵ)، لە ژمارەکانی (١، ٢، ٣، ٤)ی گۆڤارەکە بڵاوکراوەتەوە. تیایدا باس لە مافی منداڵ و ئافرەتان و ئەرکیان لە کۆمەڵگادا دەکات.[٩] هەروەها لە ژمارە (٢)دا بەیان عەبدولکەریم

لە وتارێکیدا هانی ئافرەتی کورد دەدات دەستبدەنە خەباتی ڕۆشنبیری و شانبەشانی پیاوان جێپەنجەی خۆیان لە بنیاتنانی کۆمەڵگادا بنەخشێنن، پێویستە شانبەشانی هاوژینەکانیان ڕۆڵبگێڕن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا. نووسەر لەو باوەڕەدایە: "ژن مەکتەبا جڤاکێیە" داواش لە هاوژینەکان دەکات ڕێگا لە بەردەم ژنی کورد واڵا بکەن بۆئەوەی ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، (ژنا ... برایەتی، ژمارە٢، ساڵی ١، خولی دووەم، تەمموزی ١٩٧٠: ٥٩). هەروەها لە ژمارە ٣ و لە وتارێکی دیکەدا، هەمان نووسەر سەرەڕای ئەوەی پەسندی ئافرەتی کوردی کردووە، داواشیان لێدەکات، ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و شان بدەنەبەر بەرپرسیاریەتی (ژنا... برایەتی، ژمارە٣، ساڵی ١، خولی دووەم، ئابی ١٩٧٠: ٥٩). لە لایەکی دیکەوە گۆڤارەکە تیشکی خستۆتەسەر کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، کە لە ٢٥ی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٠ لە شاری بەغدا بەسترا، تیایدا ئەنجومەنی باڵا و ئەنجومەنی شارەکان دیاریکراون (ئافرەتانی...برایەتی، ژمارە٧، ساڵی ١، خولی دووەم، تشرینی یەکەمی ١٩٧٠: ٣١)، تێبینیدەکرێت لە گۆڤاری برایەتی ئەوانەی نووسینەکانیان تایبەت کردووە بە ئافرەتان و وشیارکردنەوەیان لە کۆمەڵگادا، لە پەنجەکانی یەک دەست تێپەڕ نابن. ئەمەش پێ دەچێت هۆکارەکەی ئەوە بێت، لەو کاتەدا ئافرەت ئازاد نەبووە لە کارکردن و تێڕوانینی بەشێکی زۆری کۆمەڵگای ئێمە ڕێگر بووە لە هاتنەپێشەوەی ئافرەتان بە تایبەت، لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە ڕێگریان لێکراوە. هەروەها بە هۆی کەمی خوێندەواری توێژی ئافرەتان، دەکرێت وەک هۆکارێکی دیکەی بەشداریان لە نووسین لە گۆڤاری برایەتیدا لێکدانەوەی بۆ بکرێت. هەر لە چوارچێوەی گرنگیدانی بە خەباتی ڕێکخراوەیی، لە ژمارە ٤ دا، کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان[10]ی بە بایەخەوە باسکردووە، کە لە ٥ی ئابی ساڵی ١٩٧٠ بە دروشمی (ئاشتی و زانست و برایەتی) بەستراوە (برایەتی، ژمارە٤، ساڵی ١، خولی دووەم، ئەیلولی ١٩٧٠: ١٣- ١٨). هەروەها چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئەحمەد عەبدوڵڵا بەرپرسی یەکەمی یەکێتی مامۆستایان لقی دهۆک بڵاوکردۆتەوە، تیایدا ئامانج و خەباتی ڕێکخراوەکەیان دەخاتەڕوو(برایەتی دگەل یەکەتیا...برایەتی، ژمارە٢، ساڵی١، خولی دووەم، تەمموزی ١٩٧٠: ٥٥-٥٦).

گۆڤارەکە بەگرنگییەوە لە بەستنی کۆنگرەی یەکەمی نووسەرانی کوردی و ئامانجەکانی ڕوانیوە. هۆکار و مەرجەکانی سەرکەوتنی یەکێتیەکەی باسکردووە. هاوکات بڕیارەکانی کۆنگرە خستۆتەڕوو، کە خۆی لە ١٨ خاڵدا دەبینێتەوە. (بڕیارەکانی کۆنگرەی...برایەتی، ژمارە٢، ساڵی١، خولی دووەم، تەمموزی ١٩٧٠: ٤٩-٥٠). هەواڵ و دەنگ و باسی ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لایەنێکی دیکەی گۆڤارەکەیە، کە لای لێکردۆتەوە. لە ژمارە (١)یدا گۆشەیەکی بە ناوی

گۆشەی قوتابیانی کوردستان و کار و چالاکییەکانی ڕێکخراوەکەی داناوە، کە زیاتر بە بۆنەی بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ و جەژنی نەورۆز و ڕۆژی کۆلیژ بڵاویکردۆتەوە (دەنگ و باسی یەکێتی...برایەتی، ژمارە١، ساڵی ١، خولی دووەم، ئەیلولی ١٩٧٠: ٤٠-٤١) هەر لە گۆشەی قوتابیانی کوردستان و لە ژمارە (٣)دا، کارەکانی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی بڵاوکردۆتەوە (کۆنگرەی شەشەمی...برایەتی، ژمارە٣، ساڵی ١، خولی دووەم، ئابی ١٩٧٠: ٢٧-٣٠)، هاوکات لە ژمارە ١١ دا، ئاماژە بە گۆڤارێک کراوە بە ناوی (نۆبەرە) کە لە لایەن قوتابیانی بەشی کوردی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا دەرچووە و داوا لە خوێنەرانی کورد زمان دەکات پشتگیریان بکەن (گۆڤاری نۆبەرە...برایەتی، ژمارە١١، ساڵی ١، خولی دووەم: شوباتی ١٩٧١: ٤٦-٤٧)، شایانی باسە گۆڤارەکە بایەخیشی بە کارەکانی کۆنگرەی چواردەهەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد[11] لە ئەورووپا داوە، کە لە ١ بۆ ٥ی ئابی ١٩٧٠ لە ستۆکهۆڵم بەستراوە. وتاری پارتی خوێندراوەتەوە، کە زیاتر جەختکردنەوە بووە لە سەر چەسپاندنی بەندەکانی بەیانی ١١ی ئازار و هەوڵدان بۆ کارکردن لەگەڵ پارتی بەعس (وتاری هەڤاڵ حەبیب محمد کریم...برایەتی، ژمارە٤، ساڵی ١، خولی دووەم، ئەیلولی ١٩٧٠: ١٩-٢١) لە ژمارە (١٠)دا دەستور و پەیڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵەکەی بڵاوکردۆتەوە (دەستوری کۆمەڵەی...برایەتی، ژمارە١٠، ساڵی ١، خولی دووەم، کانونی دووەمی ١٩٧١: ٣٧-٣٨). هەروەها گۆڤاری برایەتی گرنگی بە بەستنی کۆنگرەی مەلاکانی کوردستان داوە، کە لە ٢١ی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٠ دا لە گەلاڵە بەستراوە (وتارە بەنرخەکەی...برایەتی، ژمارە٦، ساڵی ١، خولی دووەم، سەرەتای تشرینی یەکەمی ١٩٧٠: ٣). لە ژمارە (٧)دا، بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی مەلاکانی بڵاوکردۆتەوە (بڕیار و ڕاسپێرییەکانی...برایەتی، ژمارە ٧، ساڵی ١، خولی دووەم، تشرینی یەکەمی ١٩٧٠: ٧، ٣٤).

**پەراوێزەکان:**

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە بگەڕێوە بۆ: (خماس، ٢٠١٥: ١٤٧-١٤٨).

(٢) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی لێکترازانەکە بگەڕێوە بۆ: (فتح الله، ١٩٩٨، ١٢٤-١٢٧).

(٣) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی یاننامەکە بگەڕێوە بۆ: (حمیدی،٢٠٠٤،ج٩، ٦٠-٦٩؛ المشهدانی،٢٠٠٢: ١٩٣-١٩٦).

(٤) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی کودەتای بەعسییەکان بگەڕێوە بۆ: (تریب، ٢٠١٣: ٢٣٣-٢٥٠).

(٥) بۆ زانیاری زیاتر لە گفتوگۆکان و هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی بەیاننامەکە و کاریگەری و کاردانەوەکان لە هەمبەریدا بگەڕێوە بۆ: (عەبدوڵلا،٢٠٠٨، ٣٩-٧٥).

(٦) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەم باسە بڕوانە: (جلیل و ئەوانی تر٢٠١٥ :٤٣- ٥٤؛ کۆچێرا، ٢٠٠٣: ٢٦).

(٧) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی فەتوای مەلای خەتێ بگەڕێوە بۆ: (کەریم، ٢٠٠٦، ٢٣-٣٥).

(٨) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی گۆشەی شەهیدان، بڕوانە گۆڤاری برایەتی (ژمارە ١: ١٥، ژمارە ٢: ١٦، ژمارە ٤: ٢٧، ژمارە ٥: ٢٦، ژمارە ٦: ١٩، ژمارە ٧: ٢٦، ژمارە ١٠: ٣٦کمارە ١١: ٤٦، ژمارە ١، خولی دووەم: ٢٧).

(٩) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی گۆشەی ئافرەت و منداڵ بگەڕێوە بۆ (گۆڤاری برایەتی: ژمارە ١: ٣٦-٣٨ ، ژمارە ٢: ٢٣-٢٤ ، ژمارە ٣: ٤٠-٤٢ ، ژمارە٤: ٤٧-٤٩).

(١٠) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایان، بڕوانە: (نانەکەلی، ٢٠١٦: ١٨١-١٨٣ نەجارٖ،٢٠١٦: ١٥٣-١٥٤).

(١١) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی کۆمەڵەی خویندکارانی کوردستان لە ئەورووپا بگەڕێوە بۆ: (عارف، ٢٠١٢: ٧٦-٧٧).

## ئەنجام:

لە دوای بەدواداچوون و خوێندنەوە و لێوردبوونەوە، توێژەر بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە، لە خوارەوەدا بە پوختی دەیانخەینەڕوو:

زاڵبوونی بیری چەپ بە سەر بەشێکی نووسەرانی گۆڤارەکە، وایکردووە بیری کۆمۆنیستی و مارکسیەت لە نووسینەکانیاندا ڕەنگبداتەوە. هەروەها لایەنگیریان بۆ سۆڤیەت و بیری سۆسیالیستی و دژایەتیکردنی وڵاتانی سەرمایەداری، کە بە ئیمپریالیستی ناسراون، دەربڕیوە. بەشێکی بەرچاو لەو نووسەرانەی لەم گۆڤارەدا بابەتیان بڵاوکردوونەتەوە، کەسانی قەڵەمبەدەست و ئەکادیمی بوون و بەشێکی وتارەکانیان زانستیانە و بە پشتبەستن بە سەرچاوەکان نووسیانە. ئەم گۆڤارە ئاوڕێکی باشی لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد داوەتەوە و لایەکی باشی لێکردۆتەوە. بەڵگەش بۆ ئەمە، بڵاوکردنەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە وتاری مێژووییە. خوێنەر دەتوانێت لە ڕێگای ئەم گۆڤارەوە زانیاری لەبارەی بەشێکی مێژووی هاوچەرخی کورد بەدەستبخات، بەڵام کەمتر پرژاوەتەسەر مێژووی کورد لە سەردەمی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست. هەروەها گۆڤاری برایەتی بایەخی تەنیا بە مێژووی کورد لە پارچەیەکی دیاریکراوی کوردستان نەداوە، بەڵکو پرژاوەتەسەر باسکردنی مێژووی کورد و شۆڕشەکانی باکور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش. گۆڤاری برایەتی گرنگی بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری، ڕۆشنبیری و ڕێکخراوەیی تاکی کوردی داوە بە تایبەتیش ئافرەتان. گۆشەی تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکردووە و لەم بارەیەوە بە شێوەیەکی بەردەوام بابەت بڵاوکراوەتەوە.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم: بە زمانی کوردی**


- ئەمین، مەغدید حاجی (٢٠١٧) کەسایەتی میر محمد ڕەواندزی و دیاردەی توندوتیژی لەفەرمانڕەوایەتیدا (١٧٨٤ – ١٨٣٧)، گۆڤاری ئەکادیمیای کورد، ژمارە (٣٧).
- ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان (٢٠٢٤)، *مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان – ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی یەکێتی قوتابیان، لاوان و ئافرەتانی کوردستان (کۆنگرە و کۆنفرانسەکان ١٩٥٢-٢٠٢٣)*، چاپی یەکەم، هەولێر، زانکۆی سەلاحەددین.
- بەرزنجەیی، هەڵۆ (٢٠٠٥)، *پرسیارەکان هێشتا تینووی وەرامن باسەکانی زمان وبیرو فەرهەنگ لە ڕوانگەی (د.مارف خەزنەدار، لەتیف هەڵمەت وفەرهاد شاکەلی)* چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا).
- تریب، چارلز (٢٠١٣)، *چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی عێراق*، و: مەحەمەد حوسێن ئەحمەد، عبدالقادر کەلهوڕ، چاپی سێیەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- تکریتی، حەردان (بێ ساڵی چاپ)، *باندێک دز و پیاو کوژبووین لە پشت میلیشیا تیرۆریستەکانی سەدامەوە*، لێکۆڵینەوەی ئەحمەد ڕائف، و: ئاسۆ، بێ شوێنی چاپ.
- جەلال، ئیبراهیم (بێ ساڵی چاپ)، *خواروی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١ – ١٩٧٥*، چاپی سێیەم، سلێمانی، ئۆفیس و چاپخانەی دیار.
- جەلیل، جەلیلی و ئەوانی تر (٢٠١٥)، *شۆڕشەکانی کورد*، و: بەهادین جەلال مستەفا،چاپی سێیەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات).
- *چەند لاپەڕەیەک لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی ڕۆژنامەنووسێکی خانەنشین (٢٠٠٠)* گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، (٣).
- حەمە کەریم، حەسەن مەحمود (٢٠٠٦)، *فەتواکەی مەلای خەتێ ئەفسانەی مێژوونووسێک*، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی چوارچرا.
- حەسەن، شەوکەت مەلا ئیسماعیل ( ٢٠١٦)، *ڕۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥*، چاپی دووەم، هەولێر، نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن.

- سالّح، ئازاد عوبێد ( ٢٠٠٧)، *کاریگەری شۆڕشی ئەیلول لەسەر ڕۆژنامەوانی کوردی ١٩٦١ - ١٩٧٥*، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری.
- سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری برایەتی (١٩٧٠-١٩٧١)، (١،٢،٣،٤،٥،٦،٧،٨،٩،١٠،١١،١٢،١٣،١٤).
- عارف، ڕوشدی عارف (٢٠١٢)، *کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ١٩٥٦ - ١٩٧٦*، سلێمانی، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و بیری کادیران.
- عەلی، عوسمان (٢٠١٠)، چەند *لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد*، و: کامەران جمال بابان زادە، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕێ نوی.
- عەبدوڵلا، فەرەیدون عەبدولڕەحیم (٢٠٠٨) *بارودۆخی سیاسی کوردستان - عێراق ١١ی مارتی ١٩٧٠ - ١١مارتی ١٩٧٤، توێژینەوەیەکی مێژویی ح سیاسییە*، پێشەکی، پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی منارە.
- ئەلعامری، عبدالخالق ناسر (٢٠٢١)، *بارزانی مستەفا و دۆزی کورد لە عێراق ١٩٣١ - ١٩٧٥*، و: ئەرکان شاربازێڕی، دهۆک.
- قەفتان، کاوس (٢٠٠٦)، چەند *لێکۆڵینەوەیەک لەمێژووی میرنشینی بابان، سۆران، بۆتان*، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی ئۆفسێتی ڕاز.
- کۆچێرا، کریس (٢٠١١)، *کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا*، و: حەمە کەریم عارف، چاپی شەشەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- گۆڤاری دەنگی گێتی تازە (١٩٤٣) بەرگی یەکەم(١).
- مەدەنی، حسێن (٢٠٠٩)، *کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان*، بەرگی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- ن. ا. خالفین (٢٠١٧)، *ململانێ لەسەر کوردستان*، و: جەلال تەقی، چاپخانەی تاران.
- ن. لازاریف (٢٠٠٨)، *مێژووی کوردستان*، و: هۆشیار عبدالله سەنگاوی، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

- نەجاڕ، هۆشەنگ ساڵح محەمەد شەریف(٢٠١٩) *بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی لە شاری بەغدا ١٩٥٨ – ١٩٧٥دا*، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویيە، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.


**دووەم: بە زمانی عەرەبی**


- بابان، جمال(٢٠١٢) *أعلام الكرد*، الجزء الأول، اربيل، مطبعة اراس.
- البوتانی، عبدالفتاح علي(٢٠٠٤)، *الحركة القومية الكوردية التحررية دراسات ووثائق*، تقديم الاستاذ الدكتور خليل علي مراد، طبعة الاول، اربيل، مطبعة وزارة التربية.
- بارزاني، ايوب(٢٠١١)، *الحركة التحررية الكوردية وصراع القوى الاقليمية والدولية ١٩٥٨-١٩٧٥*، جنيف، دار نشر حقائق المشرق.
- بادی، میفان عارف(٢٠٠٨)، *موقف الأحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية ١٩٤٦-١٩٧٠*، دراسة تاريخية، الطبعة الاولي، دهوک، مطبعة خاني.
- البلداوي، عادل تقي عبد محمد(٢٠٢١)، *نضال الشعب الكوردي وموقع البارزاني في الوثائق العراقية السرية، تقديم ومراجعة* ،عبد الفتاح علي البوتاني، دهوک، الطبعة الثانية.
- البحركي، ملا طاهر(دون سنه طبع)، محمد *پاشا الرواندزي والفتوى المنسوبة الى العلامة الختي*، الطبعة الثانية، دهوک مطبعه ژيان.
- الجبوري، مهند علی فرحان(٢٠٢١)، *عشائر بارزان ودورها في العراق ١٩٠٣-١٩٥٨*، اطروحة دكتوراه منشورة، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة تكريت.
- حميدي، جعفر عباس(٢٠٠٤)، *تاريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري١٩٥٨- ١٩٦٨*، ١٧نيسان ١٩٦٦-١٠ مايس ١٩٦٧، جزء التاسع، طبعة الاول، بغداد، بيت الحكمة.
- حميدي، جعفر عباس(٢٠١٠)، *التطورات السياسية في العراق ١٩٥٨-١٩٦٨*، دراسة وثائقية في ضوء التقارير الأمنية الخاصة، طبعة الاول، بغداد، بيت الحكمة.
- الدوري، سيف الدين(٢٠١٥)، *الفريق طاهر يحيي ضحية الصراعات السياسية والعسكرية في العراق*، طبعة الثاني، عمان، دار العرب للنشر والتوزيع.
- *رجل من زمن الثائرين مذكرات العقيد الركن المتقاعد هادي خماس مدير الاستخبارات العسكرية الاسبق(٢٠١٥)*، الطبعة الثانية ، دون مكان طبع.

- عبدالقادر، شامل(٢٠٢٦)، *اتفاقية الجزائر والاسرار الكاملة لأنهيار الحركة الكردية المسلحة في اذار ١٩٧٥*، بغداد.
- قاضي، حافظ(٢٠٠٦)، ذكريات، الجزء العاشر، دهوك، مطبعة خاني.
- فتح اللة، جرجيس(١٩٩٨)، *زيارة للماضي القريب*، ستوكهولم، دار الشمس للطباعة والنشر.
- قفطان،كاوس(٢٠٠٤)، *الحركة القومية التحررية الكردية في كردستان العراق، ١٩٥٨-١٩٦٤*، طبعة الاولي، السليمانية، وزارة الثقافة – المديرية العامة للطباعة والنشر.
- المشهداني، محمد كريم مهدي (٢٠٠٢)، *عبدالرحمن البزاز دوره الفكري والسياسي في العراق حتى ثورة ١٧ تموز ١٩٦٨*، بغداد، مكتبة اليقظة العربية للطباعة والنشر والتوزيع.
- محمد، شيرزاد زكريا(٢٠٠٦) *الحركة القومية الكردية فى كوردستان العراق، ٨ شباط ١٩٦٣-١٧تموز١٩٦٨*،دراسة فى التطورات السياسية الداخلية، الطبعة الاولي، اربيل، مطبعة وزارة التربية.
- محمد، شيرزاد زكريا(٢٠٢١)، *مجلس قيادة ثورة أيلول في كوردستان- العراق*،دراسة تاريخية سياسية عامة،١٩٦٤-١٩٧٠، دهوك.
- *من اوراق حازم جواد ذكرياتي عن إنقلاب ١٩٦٣ وفؤاد الركابي ولأكراد*(٢٠٢١)، الطبعة الاولي، بغداد، مكتبة المجلة.
- هروتى، سعدى عثمان(٢٠٠٨)، *كوردستان و الإمبراطورية العثمانية دراسة في تطور سياسة الهيمنة العثمانية في كوردستان ١٥١٤-١٨٥١*، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، الطبعة الاولي، دهوك، مطبعة خاني.

## تاريخ حركة تحرير الشعب الكردي في مجلة برايتي ١٩٧٠-١٩٧١

مجلة برايتي، تعد ثاني مجلة سياسية معلنة للحزب الديمقراطي الكوردستاني، صدرت بين عامي ١٩٧٠-١٩٧١بواقع(١٤) عددا. تستحق المقالات المنشورة في أعداد المجلة، وخصوص تلك المتعلقة بحركة التحرر الكوردية، أن تعرض في إطار بحث علمي. وصدرت المجلة في ظل ظروف استثنائية جاءت بعد مرور ما يقرب من تسع سنوات من التقلبات التي شهدتها الثورة الكوردية، وما تلاها من الاتفاق بين قيادة ثورة أيلول والحكومة العراقية، والذي تمثل في بيان ١١ آذار عام ١٩٧٠. أتاح هذا الاتفاق فرصة مواتية للكتاب والباحثين في المجال التاريخي ليكتبوا بحرية في هذه المجلة. عند الاطلاع على صفحات المجلة، نجد مجموعة من المقالات التي تناولت تاريخ حركة التحرر الكوردية خلال القرنين التاسع عشر والعشرين. نظرا لأهمية وقيمة هذه النصوص التاريخية، أصبح من الضروري معالجتها ضمن إطار بحث علمي لتسليط الضوء على تلك المرحلة المهمة، تتكون هذه الدراسة من تمهيد ومبحثيين، تركز التمهيد على الوضع فى جنوب كوردستان وصدور مجلة برايتي ١٩٦١-١٩٧٠، الموضوع الآول للدراسة بعنوان "تآملات فى تاريخ الكفاح السياسي والمسلح الكردي فى القرنين التاسع العشر والعشرين"، بالآضافة الى المبحث الثاني"تآملات فى النضال الفكري والتنظيمي الكردي فى مجلة برايتي" وفي النهاية توصل الباحث الى عدد من الاستنتاجات وتم ادراجها في هذا البحث.

**الكلمات المفتاحية**: الأخوة، حركة التحرر الكوردية، النضال المسلح، التنظيم، الفكر الثقافي.